# با بۆ پلانێك بگەڕێین دڵی گەنجان ئاشتكاتەوە


چنار نامق

لێرە پانتاییەك نییە بۆ ژیان یان شۆستەیەك بۆ هەنگاونان ، یان شەقامێك گەنج بتوانێ سادەترین خەونی خۆیی تێدا بئاژۆێ كەئەویش تەنها لە بەسەر بردنی ساتێكی ئارامدا خۆی چڕ دەكاتەوە،ئەوان بالیفێك شك نابەن كە سەریان لە سەریا بحەسێتەوە  بۆیە لە كاتی كاركردندا وڕ و گێژن و كاتێ كە دەدوێن وشەكان بە تۆپزی لە دەمیان دێتە دەرێ و  زۆر جارانیش پەیڤەكان لە گەروویاندا دەحەپەسێ،لێرە نەك تەنها بوارێك نییە بۆ ژیان بەڵكو گشت سكالآكان بێ بەرسڤن ئەگەرنا بۆ كەس بە دەنگی كەسەوە نایەت !!

ئاخر لێرە و لەوێ بە تایبەتی لە ئەمڕۆیەك كە كوردستان بۆتە مۆڵگەی حەسانەوەی خەڵكانی بییانی وجێگەی دابین كردنی ژیان و وە گەر خستنی سەرمایە گوزاری ،بۆچی دەبێت لاوی كورد بێبەش و بێبەری بێت ؟ كێن ئەوانەی كە لەم دیاردەیە بەرپرسیارن ،پلانی لایەنە پەیوەندارەكان چییە بۆ بەرگریكردن لە روح و گیانی ئەو گەنجانەی كە خۆیان بە قەدەرە نادیارەكان دەسپێرن بۆچی كەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لەئاشتكردنەوەی دڵی گەنجان،ئەو پرۆژانەی كە بۆ بونیادنانی ژیانی گەنج دانراون كامانەن ؟

لێرە نەك پرۆژە نییە بۆ بونیادنان بەڵكو بەرپرسان لە پرۆژەی داڕووخان و وێرانكردن زیاتر هیچ پلانێكی دیكەیان نییە باوردبینەوە و لە نزیكەوە بڕوانینە هەندێك لەو كەسانەی كە لە ئەمڕۆدا بوونەتە واجیهەی حكومەت و ئەوان و میللەتیشیان چەواشە كردووە بەوەی كە متمانەی دەسەلآتیان بۆ خۆیان بە دەستهێناوە لە هەمان كاتدا دەسەلآتی كوردی ئەوەندەی لەوان زەرەر مەندە نیو هێندەی ئەوە لێیان سوودمەند نییە چونكە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم پێشكەوتنی لاوی كورد و لێناگەڕێن لاوان وزە وتواناى خۆیان پەرەپێبدەن و پێشبكەون و خزمەت بە گەل و ولآتەكەیان بكەن بە تایبەتی لە نێو حیزب و بوارەكانی ڕاگەیاندندا

چونکه بمانەویت و نەمانەوێت چەند بەرژەوەند خوازێك خۆیان کردۆتە واجیهەی دەسەلأت و بە ناوی دەسەلأتەوە فەرمایشتەکانیان بە سەر گەنجان و خەڵکی دڵسۆزدا دەسەپێنن کە ئەمانە نابێت بە هێچ شێوەیەك دەسەلأت ئەوان بە واجیهەی خۆی دابنێت و ڕێگایان پێبدات دەمڕاستی ئەو بن چونکە ئیدی زەمەنی چەواشەکاری بەسەر چوو لە کاتێکداجیهان بووە بە گوندێکی بچوك لەزوترین کاتدا دەتوانیت زۆرترین هەو الّ وزانیاری پەیدا بکەیت،بەهەر حالّ نامەوێت زیاتر لە سەر ئەو مەسەلانە بوەستم چونکە بێگومان بەرژەوەند خواز وبازرگانەکانی نێو ئەم پانتاییە لە ئەمڕۆدا بڕوایەکی پۆلأیینیان بۆ خۆیان درووست کردووە ، گەنج هەرچییەك بلّێت پالّپشتی نییە وکەسیش خۆی بە خەمخۆری نازانێت،بەلأم کە لەهەر گەنجێك دەپرسیت : بۆ ڕوو لە تاراوگە دەکەیتٍ ؟ ئایا تاراوگە ئەو جێگا ئەفسوناوییەیە کە ببێت بە شوێنی وەدیهاتنی خەونی گەنجان؟ ئایا پرسیوتانە لەویّ دەبێت مرۆڤ رۆژانە چەند کاتژمێر کار بکات بۆ ئەوەی تەنها بژێوی ڕۆژانەی بەدەست بهێنێت ؟

گەنجێك دەڵێت پێویستە بڕۆم ،گەر لە ئیجە نەهەنگ بمخوات ئەوا لە ژیانی ئێرە باشترە.

یەکی دیکە دەڵێت: من دەزانم رەوشتی قاچاخچیان چۆنە و دەزانم چی مەرگەساتێکم بەسەردا دێت،لە گەلّ ئەوەشدا هەردەڕۆم .

کەسێکی دیکەش دێتە گۆ: ئاخر چی من بەم ولأتە ببەستێتەوە ؟

دەبێت هۆکاری ئەم هەموو نائومێدییە چی بێت ؟ تۆ بلّێی گەنجی کورد لە نێو ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتییەی ڕێگا نادیارەکانی کۆچ ئاسودەبێت و بییەوێت بگاتە ترۆپکی بەختەوەری ،ئایا بەختەوەری شتێکی رەهایە یا ئەگەرەکانی دیکەی ڕێگەی سەفەر و چارە نووس ؟

پێم وانییە گەنجان بە دوای بەختەوەریدا بگەڕێن چونکە ئەوان دەزانن هەر لەسەرەتای ڕێگاکانەوە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆن وهەزاران کۆسپ و تەگەرەیان دێتە پێش هەندێکیان دەکەونە ئاوەوە و دەخنکێن ، هەندێك هێندە شەکەت دەبن دوو پپیان دەبڕێتەوە و هەندێکی دی جەندرمەو پاسدار تەقەیان لێدەکات و زۆری تریان لەنێو بەندیخانە ژیان دەبەنە سەر، ئیدی دەبیّ ئەوبەستەزمانانە بەدوای کام ئاسوودەییدا بگەڕێن گەر چیرۆکی کۆچ بەم نەهامەتییانە دەست پێبکات وبەم چارەنووسە نەخشێنرابێت ، هەر بەوچەشنە کۆتایی بێت ،گومان لەوەدا نییە کە کۆچی لاوان لەدەرئەنجامی یەئسەوە سەرچاوە دەگرێت ئیدی با خۆمان چەواشە نەکەین و تیری لۆمە ئاراستەی دلّی بریندای لاوی کورد نەکەین لە کۆمەلّگەیەکدا کە

پیر سالاری هەمووپانتاییەکان دەتەنێ بگرە بەوەشەوە ڕاناوەستێ نەك تەنها بەرژەوەندی خوودی پیادە دەکات بەڵکو ڕێگە لەژیان وخۆشگوزەرانی ومافەڕەواکانی لاو دەگرێت ،
ئالێرەدا متمانای لاو بەژیان دەڕوخێ و هەست دەکات کە ئەو بوونەوەرێکی نامۆیە
لەنێو زێدی خۆیدا و بڕیاردەدات ڕێگەی مەرگ هەڵبژێرێ ورێگەی ئاسوودەیی وژیان جێبهێڵێت
چونکە پێی وایە دیوارەکانی ئارامیی هێندە پۆڵاییینن لەم وڵاتەدا چەند تێبکۆشن بۆیان ناڕوخێت وبەئارامی ناگەن .
باپلانێك بۆ ئاشتکردنەوەی دڵی گەنجان بدۆزینەوە،ڕێگەچارەکان هێندە قورس نیین گەر بێت و دەسەڵاتی کوردی بیری لێبکاتەوە.
* بەپەراوێزخستنی ئەو نابەرپرسانەی کە بوونەتە واجیهەی دەسەڵات بگرە کوردستانیان کردووە بە بازاڕێك بۆ بەدەسهێنانی قازانج و بەرژەوەندییەکانی
کۆمپانیاکانین،لەپرۆژەکانی حکوومەتدا خۆیان فرۆشیارن وهەر خۆشیان دەبنەوە بە کڕیار و ئەنجامدەری پرۆژەکان گەر بێت وئەمانە لێپێچینەوەیان لێبکرێت وچیدی واجیهەی دەسەڵات نەبن ئەوە دڵنیام دڵی هەزاران گەنج ئاشت
دەبێتەوە و ئەوهەستەی لا دروست دەبێت کە لێپرسینەوە هەیە و هەوڵی چاکسازی هەیەلەوناعەدالەتییەی کە سەرانسەری گۆمەڵگەی گرتۆتەوە ،ئەگەری ئەوە دەکرێت کە ڕۆژێك لەڕۆژان گەنجانیش پشکداربن لەسەرخستنی پرۆژەکە ،چونکە ئەو گەنجانەی لە تاراوگەدا دەژین تەنها بە جەستە لەوێدان و دڵیان لێرە جێهێشتووە ،ئەمە بۆچوونی من نییە بەڵکو پەیڤی هەموو ئەوانەیە کەلە دەرەوە دەژین ، دەڵێن ئێمە بە ڕوح لەکوردستانیین تەنها جەستەمان لێی دوورە کەواتا خەلەلێك هەیە کەوا دەکات خەڵکی بە دڵ لەجێیەك بێت وبەجەستە لەجێگایەکی دی
.کەوابوو بابگەرێین بۆ پلانێك دڵی گەنجان ئاشت کاتەوە و باچیتر بە دڵشکاوی ملی ڕێگای هات ونەهات نەگرنە بەر و دواتر لەسنووری وڵاتان ولە ناو دەریاکان بۆ تەرمەکانیان بگەڕێین.